

# پێوەندییەک بە مۆبایل ژیانی چەند خێزانێ دەخاتە مەترسی

**پیاوێك نهێنییەكی ژیانی هاوسەریی خۆی بۆ گوڵان ئاشكرادەكات و باسی ئەوە دەكات كە رۆژێك دوای مارەبڕینی هاوسەرەكەی تووشی كێشەیەكی گەورە بووە، بەڵام وەك خۆی باسیدەكات «هێمنی و هەڵنەچوون» دوو رەمزی سەرەكیی زاڵبوونن بەسەر كێشەكاندا، بۆیە توانیویەتی بەئاسانی گرفتەكەی چارەسەر بكات. چۆنیەتی ئەو بەسەرهاتەش لە سەر زاری خۆی دەخەینەڕوو.**

دارەوان پیاوێكی تەمەن ٢٩ ساڵانە و باڵایەكی مامناوەندی و رووخسارێكی رووخۆش و دەم بە بزەی هەیە. ئەو پێیوایە «تووڕەبوون و هەڵچوون هەمیشە پاشگەزبوونەوە و پەشیمانی لێدەكەوێتەوە، سەبر و ئۆقرە و بیركردنەوە، سەربەرزی و سەركەوتن بەدیدێنێ. وەك خۆی باسیكرد، ماوەی پێنج ساڵە ژیانی هاوسەری پێكهێناوە و ئێستا كچێك و كوڕێكی هەیە و لەگەڵ هاوسەرەكەشی خۆیان بە «خێزانێكی بەختەوەر» دەزانن، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە كە تا هەنووكەش هاوسەرەكەی ئازارێكی كۆنی لە دڵدایە و ناتوانێت فەرامۆشی بكات. دارەوان جەخت لەوە دەكاتەوە كە هەوڵی زۆری داوە تاوەكو بە سەر ئەو كێشەیەدا زاڵ بێت، بەڵام ئەو رووداوە (نەرمین)ی هاوسەرەی تووشی شۆك كردووە، بۆیە وا بە ئاسانی فەرامۆشی ناكات.

چالاكانی بواری ئافرەتان هێما بۆ ئەوە دەكەن كە تەنیا لەڕووی چەندایەتی ڕێژەی توندوتیژی كەمتر بووەو لەڕووی چۆنایەتی توندوتیژییەكان زیاتر بووون، جەختیش لەوە دەكەنەوە، كە زۆرجار ئامێرە ئەلكترۆنییەكان وەك بەردێك بۆ شكاندنی ئاوێنەی ئافرەت بەكارهاتووەو تەنانەت بووەتە هۆكاری ئەوەی ئافرەت بۆ بەردەم فیشەكی چەك و پەتی خنكان و ئاگری سووتاندنی پەلكێش بكرێ. ئەو رووداوەی (دارەوان و نەرمین)یش رووبەڕووی بوونەوە، بە هۆی خراپ بەكارهێنانی مۆبایل بووە، كە دارەوان بەمجۆرە و راشكاوانە باسیدەكات:

«گەرچی پێشتر خۆشەویستیم كردبوو، بەڵام كۆتاییەكەی شكست بوو، بۆیە بڕیارم دا، بۆ چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری، كچێك دەستنیشان بكەم، كە نەكەوتبێتە داوی خۆشەویستی، ئەوەش بە لامەوە شتێكی مەحاڵ بوو، چونكە پێموابوو كەم كچ هەیە، خۆشەویستی نەكردبێت، لە تەمەنی ٢٤ ساڵان فشاری ماڵەوەمان بەتایبەتی لە لایەن دایك و باوكمەوە بۆ ژنهێنان زیادی كرد، باوكم خانووی سەربەخۆی بۆ كردبووم و دووكانیشم هەبوو، خاوەن داهاتی خۆیشم بووم، هیچ بیانووم نەما، بەڵام من زۆربەی كاتەكانم بۆ خوێندنەوەی كتێب تەرخان دەكرد، بەتایبەتی لە بواری سایكۆلۆژی و كۆمەڵناسی، بە دەگمەن دەچوومە سەیران و خێزانەكەشم پێیانوابوو، من تووشی خەمۆكی بووم، بەڵام لە راستیدا وا نەبوو، دواتر فێربووم زیاتر گوێ بگرم، لەوەی قسە بكەم، هەر ئەوەش تا ئێستا سوودی زۆری بۆ من هەبووە و لە زۆر كێشە رزگاری كردووم.

بۆ یەكەمجار رازی بووم ژیانی هاوبەش پێكبهێنم و چووینە خوازبێنی كچێك، زۆریش جوان بوو، بەڵام تەنیا لە بەر ئەوەی زانیم شەهادەی لە من بەرزترە، قبووڵم نەكرد، دواتر لە رێگەی ناسیاوێكمانەوە چووینە خوازبێنی نەرمین، خێزانێكی زۆر باش و رێكوپێك و كچێكی زۆر جوان و بە ئەدەب، ئەوەش وایكرد، لە ماوەی دوو رۆژدا مارەی بكەم و لە یەك هەفتەدا بچینە قەفەسی زێڕینەوە، شەوی مارەبڕین و شیرینی خواردن، ژمارەی مۆبایلەكەیم لێ وەرگرت، لە خۆشییان ژمارەكەم بە هەڵە خەزن كردبوو، شەو گەرچی زۆر درەنگ چووینەوە، بەڵام تێلم كرد و پیاوێك وەڵامی دایەوە، زانیم ژمارەكەم هەڵەیە،

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم، سبەی بۆ کڕینی جلوبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ پێکەوە چووین بۆ بازاڕ، بەڵام هەر کە گوتم: ژمارەکەتم بدەرێ، بە هەڵە خەزنم کردووە، تووشی شۆك بوو، ڕەنگی تێکچووبوو، گوتم: بە مۆبایلەکەت نووکەیەکم بۆ بکە، دەستی دەلەرزی، گوتم: گیانەکەم بۆ وا بێتاقەتی؟ تووشی پەسیوی و هەڵامەت بووی؟ دوێنێ شەو سەرمات بوو لە حەفلەکە؟ با بڕۆینە دکتۆر.... ئەویش تەنیا گوتی: نا هیچ نییە. ئەوە یەکەم درۆ و ئاخر درۆی هاوسەرەکەم بوو کە لەگەڵ من کردی، درکم بە شتێك کردبوو، بەڵام نەمدەزانی چییە، هەموو کەرامەتی دنیا لە رووخساری دەباری، دڵنیا بووم لەوەی منی خۆش دەوێت، لەو یەك هەفتەیەدا زۆر لە یەکتر نزیك بووینەوە، باسی زۆر شتمان کردبوو، ڕۆژی گواستنەوەی بووك هات و بە سەربەرزی میوانەکانی هەردوولامان (بووك و زاوا) بەڕێ کرد و شەو دووقۆڵی چووینەوە بۆ ماڵی خۆمان، نەرمین وەك فریشتەیەك لە ناو خانووەکەماندا دەرکەوت و منیش لەو کاتەوە خۆم بە بەختەوەرترین پیاو دەزانم، بەتایبەت کە نەرمین زۆر عاقڵانە لە یەکەم شەوی ژیانی هاوبەشمان، پێش هەموو شتێك گەورەترین نهێنی خۆی بۆ باس کردم، ئەوەی هاوسەرەکەم باسی کرد، ئەگەر یەك زەرە کەللەوشکیم بکردبا، یان تووشی هەڵچوون و تووڕەبوون بوومایە، بێگومان خوێنی لەسەر دەڕژا و لانیکەم ژیانی چەند خێزانی دەخستە مەترسی، بەڵام زۆر بە هێمنی گوێم لێگرت و ئەویش زۆر ڕاستگۆیانە باسی ئەو نهێنییەی کرد، نەرمین زۆربەی کات مۆبایلەکەی دەکووژاندەوە، بەڵام شەوی مارەبڕینەکەمان کە داوای ژمارەکەم لێکرد، موبایلەکەی پێکردبوو، نزیکی یەك و دووی نیوەشەو بوو، جەڕەسی بۆ هاتبوو، دەنگی کوڕێك بوو، ئەویش وایزانیبوو منم، گوتبووی: دارەوان چۆنی ئازیزم؟ ئەو نامەردەش بە ناوی منەوە قسەی لەگەڵ کردبوو، تەنانەت پرسیاری ئەوەی کردبوو: تا چەند بەوەفا دەبی بەرامبەرم؟ کە نەرمین گوتبووی تا مردن بەرامبەرت بەوەفا دەبم، دەنگی خەزن کردبوو، دواتر هەڕەشەی لێکردبوو کە ئەگەر مۆبایلەکەی دابخات، دەنگە تۆمارکراوەکەی بۆ من بهێنێت، نەرمین سەرەتا جنێوی پێدابوو، دواتر زۆر لێی پاڕابووەوە و گوتبووی هاوسەری خۆی خۆش دەوێت و تکای کردبوو یاری بە چارەنووسی نەکات، بەڵام ئەو دەستبەرداری نەبوو، چەند جار تێلی کردبوو، منیش سەرەتا خوێن بەرچاوی گرتم، تەنانەت بڕیارم دا بیکوژم، بەڵام دواتر بە هێمنی چارەسەرم کرد، بە هەماهەنگی لەگەڵ نەرمین، ماڵی ئەو کوڕەم دۆزییەوە کە لە گەڕەکی ماڵی خەزوورم بوو، باوکی زۆر جوامێر و لە خواترس و جێی ڕێزی خزم و کەس و کار و هەموو خەڵکی گەڕەك بوو، چوومە ماڵیان و داوام کرد لە دیوەخانەکەیان دووقۆڵی دابنیشین، منیش سەر وبنی ڕووداوەکەم بۆ باسکرد و ئەوەشم گوت کە بە حورمەتی ئەوان و ماڵی خەزوورم سکاڵای یاساییم تۆمار نەکردووە، ئەویش زۆر خەمی خوارد و زۆریش تووڕە بوو، چووە ئەو دیو تەلەفۆنی بۆ کوڕە گەورەکەی کرد، دڵنیام هەموو شتێکی بۆ باس کردبوو، چونکە کاتێك لەگەڵ برا بچووکەکەی هاتنەوە بۆ ماڵ و هێنایە ژوورەوە، لەگەڵ باوکی دووقۆڵی هەموو قەلبیان شکاند، بەتایبەتی باوکیان کە حاجی خەزوورمی دەناسی و پەیتا پەیتا بە کوڕەکەی دەگوت: .... سووکایەتی بە شەرەفی خەڵك دەکەی؟ هاوکات بە دەسکە قازمە خەریك بوو سەری پان بکاتەوە؟ بڕوا بکەن من دەستم گرت، خەریك بوو بە تەواوی بیکوژێت، براکەشی هەر پەلاماری دەدا، غەڵتانی خوێنیان کردبوو، بە هەوڵێکی زۆر ئەوانم هێور کردەوە و، گوتم: من هیچم ناوێ، تەنیا ئەو کوڕەتان بزانێت کوڕی پیاوە، بۆ من بەسە. زۆریشم سوێند دان چیدی ئازاری ئەو کوڕە نەدەن و لە بری لێدان، ئامۆژگاری بکەن، ماڵئاواییم کرد و دوای ئەوەش چیدی ئەو کوڕە تەلەفۆنی نەکردەوە، لەو کاتەوە من و هاوسەرەکەم ڕاستگۆییمان کردووەتە بنەمای خۆشەویستیمان و تا ئێستا هیچ کێشەیەکمان نەبووە».

بێگومان پێشکەوتنی هەر وڵاتێك بەشێکی بەندە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، بەڵام ئایا تەکنەلۆژیا کۆمەڵگەی ئێمەی تا چەند بەرەو هەڵدێر بردووە؟ ئایا بەپێی یاسای سانسۆر لەسەر ئامێرەکانی ئەلیکترۆنی و ئەو تەمەنانەی کە بەکاری دەهێنن، توندوتیژییەکان کۆنتڕۆڵ دەکرێ؟ ئایا ئەوە کێشەیەکی سەرەکی نییە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سیمکارتی مۆبایل و ئینتەرنێت بە شێوەیەکی نایاسایی دەفرۆشرێت؟ ئایا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چەند (دارەوان)ی ژیر و ئارام و هێمنمان هەیە کە عەقڵی بە سەر هەستیدا زاڵ بکات و بتوانێت ڕێگری لە کارەساتێکی کۆمەڵایەتی بکات؟ ئایا هۆکارەکانی بەردەوامبوونی توندویژییەکان بۆ نەبوونی پلانێکی گونجاو و لاوازیی ئاستی هۆشیارکردنەوەی تاکەکان ناگەڕێتەوە؟ بۆچی هەمیشە ئافرەت بووەتە سووتەمەنی و قوربانی ئەو نەزانییە کە هەندێکجار بە لەدەستدانی گیانی باجەکەی داوە؟ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و ڕێکارە یاساییەکان چۆن دەچنە بواری جێبەجێکارییەوە؟ ئەمانە و چەندین پرسی هاوشێوە هەن کە شایانی ڕامانن بۆ ئەوەی حکومەت و میدیاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاری جددی لەسەر بکەن.

پسپۆڕی دەروونی بەهار ڕەفیق، دەڵێت: «چەندین جۆری توندوتیژی پەیدا بووە، وەك توندوتیژی ئەلیکترۆنی کە ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی کردۆتە قوربانی، توندوتیژیی تەکنەلۆژی وەك چەکی کوشندە بەرامبەر ئافرەت بەکار دەهێندرێت، هۆکارەکەشی بۆ ناوشیاری کۆمەڵگە بەرامبەر بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە .»

بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان (ڕائیدی مافپەروەر ژیلەمۆ عەبدولقادر)، تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «کۆنتڕۆڵکردنی توندوتیژیی تەکنەلۆژی بەهۆی مۆبایل و ئەنتەرنێت و ئامێرەکانی تەکنەلۆژیاوە زۆر ئەستەمە، چونکە ئەو توانا بەهێزەی تەکنەلۆژیامان نییە کە بتوانین کۆنتڕۆڵی سەرجەم تۆڕەکانی پەیوەندی بکەین، بێگومان کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە ئێستا سیمکارتی مۆبایل و ئینتەرنێت بەشێوەیەکی نایاسایی دەفرۆشرێت، ئەمەش چارەسەرکردنەکەی زەحمەت کردووە، بەڵام یاسایەکی باشمان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە ئامێرەکانی تەکنەلۆژی کە بەهۆی ئەم یاسایەوە دەتوانرێ سزای ئەو کەسانە بدرێت کە کاری نایاسایی بە مۆبایل و سەرجەم ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن».

**ئەوەی هاوسەرەکەم باسی کرد، ئەگەر یەک زەرە کەللەوشکیم بکردبا، یان تووشی هەڵچوون و تووڕەبوون بوومایە، بێگومان خوێنی لەسەر دەڕژا**

**تووڕەبوون و هەڵچوون هەمیشە پاشگەزبوونەوە و پەشیمانی لێدەکەوێتەوە و، سەبر و ئۆقرە و بیرکردنەوە، سەربەرزی و سەرکەوتن بەدیدێنێ**

**فێربووم زیاتر گوێ بگرم، لەوەی قسە بکەم، هەر ئەوەش تا ئێستا سوودی زۆری بۆ من هەبووە و لە زۆر کێشە ڕزگاری کردووم**


**توندوتیژی تەکنەلۆژی وەک چەکی کوشندە بەرامبەر ئافرەت بەکار دەهێندرێت هۆکارەکەشی بۆ ناوشیاریی کۆمەڵگە بەرامبەر بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

# ئافرەتان یاسایەک ڕەتناکەنەوە کە خۆیان لە پەسەندکردنیدا بەشدار ببن

داڕشتنی یاسا و جێبەجێکردنی لە هەر وڵاتێکدا بە پێوەری سەرەکیی پێشکەوتن و دواکەوتنەکانی ئەو وڵاتە هەژمار دەکرێت، بەڵام لە ئاستی دنیادا زیاتر پیاوان ئەو ئەرکەیان لە سەر شان بووە و تا هەنووکەش بە دەگمەن ئافرەتان لە داڕشتنی یاسا و جێبەجێکردنیدا بەشدار دەکرێن، تەنانەت لە هەندێك وڵاتدا بەشداری ئافرەت لەو بوارانەدا هێڵی سوورە و کۆسپ و لەمپەری زۆر گەورەیان بۆ دروست دەکرێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەشداری ئافرەت لە ڕێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی و تەنانەت لە پەرلەمان و حکومەتدا بە ڕێژەیەکی بەرچاوە و ئافرەتان تا رادەیەك لە داڕشتنی یاسا و جێبەجێکردنیدا بەشدارن و زیاتر مافەکانی خۆیانی تێدا مسۆگەر دەکەن، ئەوەش وا دەکات، نەك یاساکان رەتنەکەنەوە، بگرە هەوڵی چەسپاندنیشی بدەن. میشل مونتنی دەڵێت: «ئەگەر ئافرەتان یاساکانی ژیان رەتدەکەنەوە، کەموکوڕییەکە لەوانەوە نییە، چونکە ئەوە پیاوانن کە یاسا و ڕێساکانیان بەبێ ئامادەیی ئافرەتان داناوە». هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی (گوڵان) راوبۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.



**ئافرەت پێویستە بازنەی بەشداربوونی لە دەرکردنی یاسا و جێبەجێکردنیدا بەرفراوانتر بکات**

**ئەوە ژن نییە ناگونجێ لەگەڵ ئەو نۆرمانەدا، بەڵکو ئەوە پیاوە نۆرمی نەگونجاوی داڕشتووە**

**یاسا و دابونەریتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی بەرامبەر بە ئافرتان زۆر دڵڕقە و هەرگیز رێگە بەئافرەت نادات تواناکانی خۆی بەدەربخات**

**هەرێمی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدوای وڵاتی تونس پلەی دووەمی لە هەموارکردنەوەی یاسا وەرگرتووە، ئەوەتا چەندین یاسای نوێ دارێژراون کە لە بەرژەوەندی ئافرەتانن**

پەرلەمانی کوردستان لەماوەی سێ خولی کارکردنیدا سێ یاسـای لە بەرژەوەندی ئافرەتان هەموارکرد، (یاسای باری کەسی و یاسـای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و یاسای بەکارهێنانی مۆبایل)، چالاکانی بواری مافی مرۆڤیش بە لەبەرچاوگرتنی نەریت و کەلتووری کۆمەڵگە ئەو یاسایانە بە دەسـتپێکی هەنگاونان بـەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن هەژمار دەکەن، هاوکات نیگەرانی خۆیان لەوە دەردەبڕن کە هێشتا وەکو پێویسـت ئەو یاسایانە جێبەجێ ناکرێن. ئەوەتا مافپەروەر کامـەران محەممەد تەها دەڵێت: «ژن لە یەکەم دەربڕینـی دەنگی ناڕەزایی و رەتکردنەوەی نۆڕم و عاداتە بەیاساکراوەکانی ژیان هەتا ئاخیری لەسەر حەقە، هیچ نەبێ هەموو شاهێدی ئەوەین کە نۆرم و عادەتە باوەکان بەدەستی پیاو کراونەتە یاسا و دەستووری ژیان و بەبێ ئامادەیی ژن مۆری مرۆڤایەتیان لێدراوە، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوە ژن نییە ناگونجێ لەگەڵ ئەو نۆرمانەدا، بەڵکوو ئەوە پیاوە نۆرمی نەگونجاوی داڕشـتووە». هاوکات هێمـای بۆ وتەیەکی میشـل مونتنی کرد کە دەبێژێ: «ئەگەر ژنان یاساکانی ژیان رەت بکەنـەوە، لەبەر ئەوە نییە کەموکورتییان هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو یاسا و رێسایانە دەستکردی پیاوانن و بەبێ ئامادەیی ژن دانراون».

مافپەروەر عیماد ئەحمەد لە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیـژی دژی ئافرەتانی کۆیە، سـەبارەت بە هەمان پرس رایوایە «مافی یەکسـانبوون لەبەرامبەر یاسادا، یان پارێزگاریکردنی یەکسـان لەلایەن یاساوە وەک ئەوەی کە زۆر جار بەم شـێوەیە دایدەڕێژن، بـۆ هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی دادپەروەر شـتێکی بنچینەیی و سـەرەکییە. جـا دەوڵەمەند بێت، یـان هەژار، نەتەوەی زۆرینە بێت، یان کەمینەیەکـی ئایینی، هاوپەیمانێکی سیاسـی دەوڵەت بێت، یان رکابەر بێت. هەموو لەبەرامبەر یاسـادا شایستەی پارێزگاریکردنـی یەکسـانن». گوتیشـی: «دەوڵەتی دیموکراتی بـە تەنیا ناتوانێت زامنی ئەوە بکات کە ژیان بە یەکسـانی مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسـێک دەکات، شـارەزا لەبواری یاسـای دەسـتووری جۆن پـز فرانک نووسـیویەتی: «لە ژێر هیـچ بارودۆخێکدا دەوڵەت نابێت هیچ نایەکسانییەک بسـەپێنێت و پێویستە لەگەڵ هەموو خەڵکی خۆی بە یەکسانی مامەڵە بکات».

ئەو مافپەروەرە جەختی لەوە کردەوە کە «یاسا دوای هەموو شـتێک دەسـتکردی خودی خەڵکە نەوەک شتێک بێت بەسەریاندا سەپێندرابێت، بۆیە هیچ کەس نابێت لە سەرووی یاسا بێت. لە وڵاتانی دیموکراسی هاوڵاتیان ملکەچی یاسا دەبن، چونکە ئەوان دان بەوەدا دەنێن و دەزانن کە یاسـاکان لە بەرژەوەندی گشـتین و ئـەوان ملکەچی دەبن، واتە بە پێویستی دەزانن خۆیان گوێڕایەڵی یاساکان بن، ئەوەش هەم خزمەت بە دیموکراسـیەت دەکات و هەم سەروەری یاساش دەپارێزێت». سـەبارەت بە هەرێمی کوردسـتانیش گوتی: «پەرلەمانی کوردستان هەر لە سەرەتای دروستبوونی تاکو ئێسـتا کۆمەڵێك یاسـای لە هەموو بوارەکان دەرکردووە و ژمارەیەکیش لە یاساکانی هەموار کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە زۆر یاسا دەر دەکەن، کە زۆر جار کێشەکانی کۆمەڵگە زیاتر دەکات و چارەسەرکردنی زۆر قورس دەبێت».

سەرپەرشـتیاری پەروەردەیی رووناك شـێخ سدیق، رایوایە «لـە هیچ بوارێکدا بایەخ بە بیر و رای ئافرەتان نادرێ»، نموونەشـی بە خۆی هێناوەو گوتی: «من سەرپەرشتیاری پەروەردەییم، بەڵام زۆربەی جاران هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەك دەکـرێ، ئافرەتەکان ئاگامان لێی نییـە و پێمان ناوترێت، هـاوکات بەدواداچوون ناکرێت بو ئـەو کارانەی کە رۆژانە لە فەرمانگـە و وەزارەتەکان و لە رێکخـراوە حکوومی و ناحکوومییەکاندا ئەنجام دەدرێت، ئەوە بە هەند وەرناگیرێ کە چەند ئافرەت و پیاو لە چالاکییەکاندا بەشدارییان کردووە، لەو هەموو وۆرکشـۆپ و سیمینارەدا کە ئەنجام دراون، بیر لەوە نەکراوەتەوە کە بۆچی رێژەی بەشـداری ئافرەتان زۆر کەمە، واتە زۆربەی کێشـەکان بۆ نەبوونی کەسی شیاو لە شوێنی شـیاودا دەگەڕێتەوە، دەنا ئەگەر ئافرەتی کارامە و دڵسۆز کاربەدەسـت بێت، لانیکەم هاوڕەگەزەکانی خۆی فەرامۆش ناکات».

سـۆزان عارف سـەرۆکی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان سـەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەشـێکی زۆر لە یاسا مرۆیی و سرووشتییەکان بەرهەمی عەقڵییەتی پیاوسالارین، لەبەر ئـەوە زۆر ئەسـتەمە ئافرەت بتوانێت کار لەسـەر مافەکانی بکات، گوتیشی: «بێگومان لەکاتی داڕشتنی یاسادا کۆمەڵێك رەهەندی تایبەتی هەیە کە دەکرێتە مەرج بۆ ئەوەی کە یاسای لەسەر دابڕێژرێت، یەکێك لەو مەرجانە عـورف و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە کە هەمیشـە لە دژی ئافرەتان بووە».

سـەرۆکی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان باسی لەوەشکرد کە یاسـا مرۆییەکان بەگشـتی لەلایەن پیاوانە دانراون و هیچ حسـابێك بۆ ئافرەت نەکراوە، واتـە ئافرەتان لەکاتی دانان و هەموارکردنەوەی یاسـاکاندا پەراوێز خراون، ئەمەش گرفتێکـی زۆر قووڵی لە ژیانی ئافرەتدا دروسـتکردووە. گوتیشـی: «ئەگەر یاسایەك لەکاتی پەسـەندکردن، یان هەموارکردنەوەیەدا لەلایەن کۆمەڵێك مافپەروەر و پارێزەری ئافرەتانـەوە چاودێـری کرابێت، ئەوکات لـە بەرژەوەندی ئافرەتان دەبێـت، گەرچی لە روویەکی ترەوە ئەو یاسـایە لەوانەیە ببێتە هۆی ئـەوەی لەلایەن کۆمەڵگەوە دژایەتی بکرێت و بەیاسـایەکی نادروسـت و نەگونجاوی هەژمار بکەن».

دواتر یاساناس شـەنگە محەممەد هێمای بۆ ئەوە کرد کە «یاسا و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی دواکەوتوودا دژی ئافرەتن و بەچاوێکی هاووڵاتیەتی پلە دوو تەماشای ئافرەت دەکەن»، گوتیشـی: «یاسا و دابونەریتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بەشـێوەیەکی گشـتی بەرامبەر بە ئافرتـان زۆر دڵڕقە و هەرگیز رێگـە بەئافرەت نادات تواناکانی خۆی بەدەربخات، ئەوەش وایکردووە لە یاسـای زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا ئافرەت فەرامۆش بکرێت».



تویژەری کۆمەڵایەتی حەسەن ساڵح، باسی ئەوە دەکات کە یاساکانی کۆمەڵگەی ئەورووپی و ئەمریکی، جیایە لەو یاسایەی کە لە کۆمەڵگەی ئاسیاییدا هەیە، نموونەشی بەوە هێناوە کە تەنانەت ئەو یاسایانەی کە لە کەنەدا پەیڕەو دەکرێت، زۆر دوورە لەو یاسایانەی کە لە فەنزوێلا، یان ئیکوادۆر، یان هەر وڵاتێکی ئەمریکای لاتین پەیڕەو کراوە، چونکە یاسا دەرهاوێشتەی کۆمەڵگەیە و یاساناسەکان ناتوانن زۆر لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لابدەن، گوتیشی: «پێویستە بزانین هەرێمی کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەدوای وڵاتی تونس پلەی دووەمی لە هەمووارکردنەوەی یاسا وەرگرتووە، ئەوەتا چەندین یاسای نوێ دارێژراون کە لە بەرژەوەندی ئافرەتانن» .ئەوەشی خستەڕوو کە ئافرەت وەك پیاو نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە کە شوێنی پەسەندکردن و هەمووارکردنەوەی یاساکانە و گوتیشی: «لەناو پەرلەمان چەندین یاسا هەمووارکراونەتەوە کە لەبەرژەوەندی ئافرەتان بووە و نوێنەری ئافرەتان لە لیژنەکاندا بوونیان هەبووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئافرەت هەبووە پۆستی وەزیری هەبووە کە دەیتوانی رۆڵی باشی لە بەرژەوەندی ئافرەتاندا هەبێت».